دەیان هەزار هاوڵاتی لوبنانی ئاوارەی سووریا بوون

ماتیو لوسیانە، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێکخراوی کەچی نۆدۆڤتی لە لوبنان ڕایگەیاند، بەهۆی هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بە سەر لوبنان، نزیکەی 235 هەزار هاوڵاتی لوبنان ئاوارەی سووریا بوون، لە 23ی ئێیلوولەوە تا ئێمە ئەو ژمارە هاوڵاتییەی لە لوبنانەوە هاتوونەتە سووریا بریتی بوون لە 152 هەزار هاوڵاتی سووریا کە نیشتەجێی لوبنان بوون و 82 هەزار کەسیشیان لوبنانی بوون.

هاوکات، هەفتەی ڕابردوو عەلی حەمییە، وەزیری گواستنەوەی لوبنان ئەوەیخستڕوو، بەهۆی هێرشەکی ئیسرائیلەوە ڕێگای دەروازەی سنووری مەسنە داخرا، کە ئەو ڕێگایە سەدان هەزار کەس بە ئاوارەبوون بەکاریان دەهێنا.